# كورد...ئالا.. سۆسیالیزم ..بیری ناسیۆنالیست! ؟

ئارام بۆگدی

ماوەیەکە گفتوکۆ یان گوناهبارکردن تا دەگاتە ڕادەی تۆمەت و ..هتد چی لە نوسین یان قسەکردن کە ڕەنگە هیچیان لەو ئاستە ناشیرینەدا نەبن, بەوەی لەویش ناشیرینتر نەخوێندنەوەو قبوڵ نەکردنی ئەم بۆ ئەوی ترە کە بۆتە گێژاوێك تەنانەت ڕۆشنبیری کوردیش دەرەقەتی نایە.! ئەو دەرەقەت نەهاتنەش پاشکۆی هزرو ئەقڵیەتی یەکی دۆگما و چەق بەستووە کە لەم ساتە بەرەو پۆست مۆدێرنەدا ڕو بەڕوی تاکی کورد بۆتەوە.

بوونی ئالا یەك کە هێماو ناسنامەی وڵاتێك یان گەلێك نیشان دەدا,کە دەڵێین وڵاتێك مەرج نی یە تەنها یەك نەتەوەی تیابێ ,کەسیش گەرەنتی ئەوە ناکا کە ئەو گەلانەی لە چوارچێوەی دا ئاخنراوە هەمان ئالایان قبوڵ بێت وەك نمونەی گەلی کورد و دابەش کردنی..

لە کاتێکدا هزری یان ئایدۆلۆژیای ئینتەرناسیونالیستی یان ئەو پرۆسێسە مێژویی یە کە سۆسیالیزمەو دوا پرۆسەی بە یەکسانی کردنی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی یە و ئەویش خۆی لە فکری مارکسیزم و ماتریالیزمی دیالیکتیکدا دەبینێتەوە.کە پێم وایە بێجگە لە چینی سەرەوەی یان مشەخۆر نەبێ زۆرینەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هاو ڕایە لە گەڵیدا,بەڵام لەو کاتەی هیچ زەمینەیەك لە ئارا دا نەبێ ئەوا لە ئەنجامی کامڵ نەبوون و پێ نەگەیشتنی چ لە ڕوی فکری یان ڕوی پێ نەگەیشتنی ئەو چینەی (مارکس) دەست نیشانی کردووە ناگاتە سەرەنجامی ئەو پرۆسێسەو دوا جاریش چۆن بە ناکامی لەدایك دەبێ ئاواش بە ناکامی لە دارمانێکی بێ هودە دا لە دەست دەچێ.بە مەرجێ ئەو دارمانە یان ئەو هەرەسە دەکرا ڕونەدات کە بوو بە شکستێکی گەورەی فکری بۆ بیری سۆسیالیزم .بۆ؟چونکە لەو ساتەی ئەو لۆژیك و ئەقڵیەتەی کە مارکس جەختی لەسەر دەکاتەوە بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی لە ئارا دا نەبوو ,دەکرا وەکو شۆڕشێکی هەرزەکارانە بە کار نەهێنرێ کە ببێتە مایەی نسکۆ بۆ سۆسیالیزم ,دەکرا ئەو پرۆسەیە سەدان ساڵی تر بخایەنێ بۆ کامڵ بوون و پێ گەیشتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تا ئەو ئایدیایە بگاتە ئەو ئاستەی کە لە ناو هەناوی لانی کەم بەشێك لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دا وەك ئایدیایەکی تەواو و پێ گەیشتوو کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەیەکی ڕاستەقینە بەرێ کە بریتی یە لە لادان و لابردنی چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە.

بەڵام خودی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕەنگدانەوەی تەنها ڕق وکینەی چینەکان بوو دژ بە چینی ستەمکار و پڕبوون و وروژان بە وابەستەبوون بە هزری مارکسیزم وەك ئایدیایەکی بەرجەستەو باو لەو ساتە وەختەدا کە سەرەنجام دروست بوونی سۆڤیەتی بەرهەم هێنا کە ئەگەر چەندین خاڵ یان دەسکەوتی پۆزەتیڤی بەرهەم هێنا بێ .. بەڵام بە دیوەکەی تر هەمان دەسەڵاتی (شمولی)وەك سیستەمی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و عەرەبی و...هتد بەرهەم هێنا .

دیارە ئەمە دژایەتی نی یە بە بیری سۆسیالیزم بەڵکو ئاماژەیەکی جەوهەریی یە بە ئاستی پێ نە گەیشتنی ئەو چینەی یان بەشی زۆری کۆمەڵگەیە و ئەو چەمکە جەدەلی یە مێژویی یەی کە مارکس جەختی لە سەر کردۆتەوە.و چەندین بیرمەند – فەیلەسوف یش خاوەنی هەمان ئایدیا بوون.

شۆڕشی پیشەسازی لە سەرەتای دەستپێکی دا بوو بەڵام هزری مرۆڤ و بیرکردنەوەو ئاستی هوشیاری لە ئاستێکدا نەبوو کە بتوانێ سەرجەم ئەو چەمکانە لە چوارچێوەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی سۆسیالیزم دا کۆبکاتەوە,بۆیە هەر ڕوبەڕو بوونەوەیەك لە بەردەم ئەو تێ گەیشتنەدا توشی چەق بەستن ودۆگما بێت دوا جار کۆمەڵێك (ستالین) لە هەناوی بیرێکی جوان و پڕ لە دادپەروەری دا لە دایك دەبێت.

بۆ ئەو نیشانەیەی کە تا ئەمڕۆ نەتەوە و وڵاتی پێ دەناسرێ پارچەیەك (پەڕۆیە)!!!

مرۆڤ كە دەخەوێ كۆمەڵێك خەونی جوان یان ناخۆش دەبینێ...تاكی كورد لەو خەڵكەیە كە تا ئەم ساتەش خەون بە ئاڵا و قەوارەیەكەوە دەبینێ .!!گەورەترین نەتەوەی سەر ئەستێرەی ژیارو بوونی ژیانی بەرجەستە یە كە خاوەنی ناسنامەی خۆی نی یە ...بۆ چی نا ؟؟ با ئەویش ئەو خەونەی بێتە دی .. ئەوساو ئێستاش پێم وا نی یە كە ئاڵا و وڵاتی سەربەخۆ ڕێگای لە چەپەكان گرتبێ بۆهێنانەدی كۆمەڵگەی سۆسیالیستی و بەپێچەوانەش ڕەنگە هەڵە نەبم بڵێم خەڵكی كورد لە زۆربەی گەلان خێرا تر قبوڵی بیری مرۆیی و یەكسانی یە كۆمەڵایەتی یەكان دەكا, بەوەی تا ئەمڕۆ كورد خاوەنی سەرمایەداری خۆی نی یە و بەڵكو لە دوا سات و پێ گەیشتنی سەرمایەداری و گلۆبالیزم دا حزب و دار و دەستەی حزب جێگای ئەو سەرمایەدارییەی گرتۆتەوە كە بێجگە لە تۆكمەكردن و مانەوەی دەسەڵات بەولاوە سەرمایەگوزاریەكی ئەوتۆی پێ ناكەن و تەنانەت جیاواز لە گەلانی تر كە ناسیونالیست لە هەناوی سەرمایەداریدا دروست بووە.

خەڵكی كوردستان خاوەنی ئاڵا بن وەكو هەر نەتەوەیەكی ترن !. نەك ئەو ئاڵایە ببێتە كۆسپ لەبەردەم هزری سۆسیالیستی دا, بوونی قەوارەیەكی سەربەخۆ ڕەنگە خەڵكی كورد زیاتر ئارەزومەندی سۆسیالیزم وداد پەروەری بكا و پتر بواری تێكۆشانی چینایەتی لەبارتر بێ لەوەی كۆمەڵگەیەك خاوەنی جێگیربوونی ژیارو ژیانی ئاسایی خۆی نەبێت.

لینین خۆی خاوەنی گوتاری مافی چارەی خۆنوسینی گەلانەو لەهەمان كاتیشدا پێ ی وانەبووە كە بە نەتەوەیەكی ژێردەست بگوترێ ناسیونالیست .

واتە بەهەموو ئاماژەكان گەلی كوردیش مافی خۆیەتی خاوەنی ئاڵا و وڵاتی سەربەخۆ بێت. وەك ئاماژەم پێ كرد ڕەنگە تێكۆشانی چەپ وكۆمۆنیستەكان بەرجەستەترو تۆكمەتر بێ لەوەی كە گەلێك خاوەنی جێگیربوونی سیستەمێكی دەوڵەتی نەبێ,نمونەی پێش ئەنفال و گینۆسایدی خەڵكی كوردستان سەدان پێكهاتەی ڕێكخراوەیی چەپ وكۆمۆنیستی وتەواوی بزوتنەوەكە لە ئەنفال دا خرایە ناو گۆڕی بە كۆمەڵ وهەزاران لادێ بە شوێنە مێژویی یەكانیشەوە لەسەر دەستی بەعس خاپور كرا.. واتە تەواوی ئەو بونیادەی كە ساڵانێكی زۆر حزبێكی كۆمۆنیست دروستی كردبوو لە چەند ساتێكدا ڕوخێنرا .ئەگەر لە ڕوی (سایكۆلۆجی) دەرونیشەوە سەیری تاكی كورد بكەین ئاسەواری ژێردەستەیی و بێ هودەیی ...هتد پێوە دیارە ,بەوەی كە خاوەنی ناسنامەی خۆی نی یەو لەو كاتەی كەلە وەڵامی تۆ خەڵكی كوێی؟دا هەمیشە دەبێتە دوو پرسیار و دوو وەڵام !!؟؟ كە بڵێی خەڵكی كوردستان–م بەشی دووەم دێ ؟كە ئەویش كام وڵات..ە یە ؟؟كە دەتوانم بڵێم ئەو پرسیارە دەرونی زۆرینەی تاكی كوردی لە هەندەران ڕوشاندووە و دواجاریش بەشی هەرە زۆری ئەو مناڵانەی لە قوتابخانەكانی دەرەوەی كوردستانن تا دەگەنە تەمەنێكی دیاری كراو لەو بارە دەرونی یەدا دەمێننەوە كە بۆچی ئەوان خاوەنی ئارم و ئاڵایەك نین لەچوارچێوەی ئەو ئەتڵەسەی لە پۆلی سێ وچواری سەرەتایی دا نمایش دەكرێ.

بۆیە چەند بارەی دەكەمەوە كە هێنانەدی ئەو خەونە ڕێگرو كۆسپێك نابێ لەبەردەم خەباتی چینایەتی بەڵكو چەندین هەنگاو نزیكتر دەبێتەوە لەو ئامانجە.

ئەگەر كێشەكەش لە سەر ئەوەبێت كە ئەو ئاڵا یەی ئەمڕۆ هەیە هەڵبژاردەی میزاج و دەرونی خەڵكی كوردستان نی یە ئەوا دیسان دەكرێ لە دوا قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی دا بە ڕا پرسی خەڵكی كوردستان ئاڵایەكی تر دا بنرێ.

دوا پەیڤیش كە پێم وایە ڕاست دەربچێ ئەوا بێجگە لە بنەمایەكی لاواز وكزۆڵەی ناسیونالیستی نەبێ كە خەریكە لەبەشێكی كەمی خەڵكی كورد چەكەرە دەكا ئەگینا كورد خاوەنی ناسیۆنالیستی نی یەو چینی كرێكاریش ئەو چینە تۆكمەو بەرجەستەیە نی یە كە بتوانرێ ئەو قەڵا تۆكمەیەی لێ دروست بكرێ نە نەك هەر چینی كرێكار خاوەنی ئەو ئەزموونە شۆڕشگێڕیی یە نی یە بەڵكو ئەو خوێندنەوەیە بۆ سەرتا پای كۆمەڵگەی كوردی هاوكێشەیەكی كرچ و كاڵە .

ئەگەر یش مەبەست دووبارە كردنەوەی كودەتایەكی تربێ بە ناوی سۆسیالیزم ڕەنگە ئەوەیان حەفتا ساڵ یش نەخایەنێ و نسكۆیەكی تر بۆ ئەو هزرە ماتریالیستی یە بێنێتە دی.!